لە ڕۆژی دووشەممەوە خێبارین لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێم دەستپێدەکاتەوە

کۆشناسیی هەرێم دەڵێت، ئەمڕۆ پلەکانی گەرما یەک بە دوو پلە نزم دەبنەوە، هاوکات، کۆشناسیی عێراقیش دەڵێت، لە ڕۆژی دووشەممەوە خێبارین لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێم دەستپێدەکاتەوە.

ئەمڕۆ هەینی ١ـی ئابـی ٢٠٢٥، کۆشناسی هەرێم باسی لەوەشکرد، ئەمڕۆ ئاسمان بەگشتی ساماڵ دەبێت و بەراورد بە دوێنێ پلەکانی گەرما نزم دەبنەوە.

هاوکات، کۆشناسیی عێراقیش باسی لەوەکردووە، لە دووشەممەوە خێرایی با کەمێک زیاد دەکات و تۆزو خێبارین لە ناوچە جیاوازەکانی هەرێم دەستپێدەکات.